# ئەم بازنانەی بەندیان کردوین

کنێر حەسەن خانم



**ژوورەکەم ئەکەم بەقفلێ لە دەرگاکانیماڵەکەم دایئەتاشم**
**دەروازەی ماڵەکەم بە ژوورەکەم گاڵەئەدەم!**
**مینای پەنجەرەکانم پەردە ڕێژە!**
**بازنەو خەیاڵەکان پۆرتریتی مرۆڤێکیان تیاکێشاوە**
**ڕەنگەکان سوور خۆڵەمێشی سەوزباو**
**هەندێ جار چەند ڕەنگێ ئاوێزانی یەکتر ئەبن,**
**ببوورن کە نازانم چ ڕەنگێکە.!**
**بازنەکان لە تابلۆو,لەدیواری ژوورەکەم و.لەهەناسەم,لە ووشەکان ئالاۆن**
**هەندێکیان سواوەن.. هەندێکیان بەچاوێکی خنکێنراو ئەڕواننە پەنجەرەکان!**
**ئەم بازنانە پرسیارتان لادروست نەکا.**
**بازنەیەکیان بە نیگای خەمی چاوێک ئەڕوانێتە وێنە شاراوەکان**
**کە بە ڕۆحی دیوارەکان هەڵواسراون.**
**بە چاوی کۆمەڵگا ئەدوێ و**
**,(ڕەگەزی مێ ) ئیفلیج ئەکا ... ئەم ڕەگەزە ی ئەتوانێ پێبکەنێ, توانای دوانی هەیە**
**ئازار.....موچرک.....چێژ.....مەرگ و لەدایک بوونی لەئەستۆیە.**
**کەچی پێکەنینی بە ستراوەتەوە بە کلیل و بازنەکان**
بە هەوەسی ئەم پیاوانەی باوەڕیان بە( ئادەم) کردو
پشتیان کردە ئێڤا کان
ژنەکانیان ناو نان... ئەم بوونەوەرە جوانانەی لە پەراسووی ئادەم خولقان
**کۆمەڵگا لە چێوەی ئەم بازنەیە بە ژن ئەڵێ**
**ڕازاوە بە بۆ پیاو**
**ئەی ئەم مەخلووقەی بۆ دڵنەوایی وحەزەکانی ئادەم هەیت**
**کۆ مە ڵگا لەدەفتەری یادگاری مەلایەکی سەدەی زوو**
**پێناسەیەک ئەنووسێتەوەو ئەیدا بە ژن و**
**تا لە ئینسان بوونەوە بیگوازێتەوە بۆ سەرمایە**
**بازنەیەکی تر**
**خەریکە خەونەکان ئەهۆنێتەوەو**
**چاوەکانی وەک چاوی مردویەک ئەڕواننە بۆشایی..!**
**ببورە .زۆرجار باسی ئەم بازنەیەم بۆ کردوویت ڕەنگی ئەوم گرتوە!**

**تۆش لێم بێزار بوویت بۆنی بازنەکان بەتۆش ئاشنابوون**
**ئێستا زانیت من کێم؟!**
**چاوە مردوەکانی ئەم بازنەیە ئەمەی پێ ووتیت,**
**کەئێوە یەک ولاّتتان هەیە ئێمە چوار..چوارولاّت!!!!**
**ئەم خوێنەت بینی لە نیگاکانی بەرەوبۆشایی ئەڕۆیی**
**تا چاوەکانی لە بینایی کەوت.**
**ترسێک دایگرتیت و ووتت ئەمە لە تێگەیشتنی من ناکا**
**دوودڵ بوویت و شک و گومانت لە خوێن کردو دوورکەوتیتەوە**
**پرسیارت لە بۆشایی بۆ باراندم**
**تا لە چاوانم وون بوویت ئەم رستەیەت لەبەر تریفەی مانگەشەوی**
**خەمەکانم...........بۆ ئەوتمەوە...........**
**تۆ لەچوار ولاّتەوە هاتوویت بازنەکانی ژورەکەت وائەڵێ**
**کەچی بێ ولاّتیت!!!!!**
**خوێنی نیگاکانت لە بۆشایی ئەنووسێ**
**من خاوەن ولاّت نیم**

**|*......................*.........................***

**زۆر وشە ئەزانین , بەلاّم هەموویان نابێژین**
**ڕەگەزی مێ کۆمەڵە وشەیەکی لێ بەند کردووین**
**بێ ولاّتی زۆر وشەی لەسەر زمان سڕینەوە**
**ترسی مەرگ..کۆمەڵە وشەیەکی لە پەرستگایەکدا کرینە قوربانی**
**زۆر وشە ئەزانین هەمویان نابێژین بەچەند وشەیەک دێینە گۆو**
**ئەخزێینەوە نێو بازنەکان**
**ئەشێ چەند ئاوازێ سەدای پێکەنینەکانمان بنوسنەوە**
**تەنها یەکیان فێربووین!**
**بەلام بەزۆر ئاواز ئەتوانین بگرین هەمویانمان تا قی کردەوە**
**لە نێو زۆری ناوەکانمان ناوی ڕاستەقینەی خۆمان وون ئەکەین**
**زۆر جاران بە ناوێکی ترەوە خۆمان ئەناسێنین**
**زۆری تەمەنە جیاوازەکان تەمەنی خۆیان بیربردینەوە**
**تاراوگەش لە (مادده)یەک دامانئەتاشێ**
**دواتر کەس نامانناسێتەوە.**

زۆر وشە ئەزانین گشتیان نابێژین
کاتێک ناویان بۆ دانایین تەمەنیان بۆ داڕژتین
لە چوار لاوە خوێنمان لە کاسە کریستالیەکان
بە گرانبەهاترین شەراب پێناسەئەکرا
قەرەپووی مەرگی زمانی دایکیان بۆ کردینەوە
سێ زمانیان پێبەخشین
زمانی دایکیان بیربردینەوە.
خوێنمان لە چوارلاوە لەکاسە کریستاڵیەکان دابەش ئەکرا.
ئاغاکان بەبەدبەختی پێئەکەنین
دیوەخانەکانیان فراوانتر ئەکرد چاویان کوێر بوو
لەم ڕەهەندە زیاتر نەیانئەویست هیچ ببینن!
ئیستاش وەک ئەوسا خۆیئەنوێنێ
سەرۆکەکان لەئاغاکان مۆدێرنتر
فێرمان ئەکەن بەکوردی بە (زمانی دایک) بڵێین ...عیراقین....!!!!